## بەرنامەی سوارگەکان

ئایا حەزدەکەیت تاقیکردنەوەی کار بکەی لە کاتی خوێندن لە قوتابخانەی دواناوەندی؟
ئایا حەز لە کارێک دەکەی لە پیشەی کە گەشە بسێنێ وبگورێت؟
ئایا حەزدەکەیت گرنگیەکانت لە بواری سوارگەکان پێشبخەی و قول بکەی؟
ئایا حەزدەکەیت لە دوای کارێک بگەرێی یەکسەر لە دوای دواناوەندی؟
ئایا حەزدەکەیت زیاتر لە بابەتەکانی گەرم تایبەت بە گفتوگوی ژینگە بزانی؟
لەوانەیە بەرنامەی سوارگەکان گونجاوبێت بۆت.

لە بەرنامەی سوارگەکان فێری چونیەتی چارەسەری سوارگەکان و زانینی چونیەتی بەکارهێنانی سوارگەکان بو پێشکەشکردنی خزمەتی هەمە جور دەبیت. بو نموونە دەتوانی ببی بە شوفێری هەلگری شەوکی، شوفێری بارهەلگری پترول یان هەر شتێکی تر کە جێگای گرنگی پێدانت پێ. بزانە کاریگەری ماشینەکان بە هەمو جورەکانیەوە لەسەر ژیانی روژانەمان چەندە! لەو کاتە دەزانی چەند ئەم پیشەیە فراوانە و هەمە لایەنە.

لە بواری خوێندن لە بەرنامەی سوارگەکان دەتوانی رێ پێدانی لێ خورینی ئوتومبێل پەیدا بکەی ئەمەش لەسەر جۆری ئەو خولانەی کە هەلدەبژێری دەوەستێت.

### کارکردن یان بەردەوامبوون بە خوێندن

ئەگەر هات و بەرنامەی سوارگەکان هەلبژارد لەو کاتە دەتوانی لە دوای کارێک بگەرێی لە دوای قوتابخانەی دواناوەندی، جۆری کار کە دەتەوێت بگەرێی لە سەر ئەو پسپوریە دەوەستێت کە هەلیبژارد. هەروەها دەتوانی بەردەوامی دان بە خوێندن لە قۆناغیکی بالاتر هەلبژێری. و لەواوە بەردەوامی بدەیە خوێندن لە پەیمانگای بالا یان بەردەوامی خوێندن لە پەیمانگای پیشەیی بالا هەلبژێری.

ئەگەر هات و خوت ئامادەکردبێت لە بەردەوامی دان لە خوێندن دەتوانی پرسیار لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی بکەیت لە سەر خولەکانی خوێندن کە هەلیدەبژێری بو ئەوەی هەلیەکی وەرگرتن لەو تایبەتمەندیەی کە دەتەوێت هەلیبژێری.

هەر چونێک بیت جۆری کار کە دەتەوێت بکەی لە بواری سوارگەکان، هەلیکی باشت هەیە بو ئەوەی زیاتر لە کارەکەت و پیشەکەت بە درێژای ژیانت بزانی چونکە ئەم پیشەیە لە پێشکەوتنێکی بەردەوام دایە.

### ئەو کارانەی کە دەتوانی بەدەست بێنی

کاتێک کە بەرنامەی سوارگەکان دەخوێنی بۆ نموونە دەتوانی لە دوای کارێک بگەرێی وەک کرێکاری ویرک شۆپ، کرێکاری بویاغکردنی ئوتومبێلەکان، چارەسەری بارهەلگرەکان، چارەسەری ئوتوبیسەکان، چارەسەری تایەکان، چارەسەری سوارگەکان، میکانیی، شوفێری سوارگەی دابەشکردنی کەلوپەل، شوفێری سوارگەی هەلگر، شوفێری گواستنەوەی تایبەت، شوفێری بارهەلگری گواستنەوەی دار، شوفێری هەلگری شەوکی یان چارەسەری فرۆکەکان.

### ناوەرۆکی بەرنامەکە

بەرنامەی سوارگەکان پێکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندێک لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە بۆ هەموو قوتابیان لە قوتابخانەکانی دواناوەندی. لەکاتێکدا خولی تر هەیە کە تایبتمەندە بە بەرنامەی سوارگەکان. و هەندێک  خولیش بەخۆت هەلیدەبژێریت.

بەرنامە پێنچ بواری تایبەت نیشتمانی هەیە. بە واتا ئەوانە هەموی کە بەرنامەی سوارگەکان لە هەموو وولات دەخوێنن ئەوان دەتوانن لە ناویاندا هەلبژێرن. لە هەندێک ناوچەدا لەوانەیە چەندین پسپوری هەبیت کە بگونجێت لەگەڵ تۆ بە تەواوی. پرسیار لە سەرپەرشتی خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی بکە!

پسپورەکانی نیشتمانی ئەمانن:

- چارەسەری فرۆکەکان – بو تو کە دەتەوێت پاریزگاری و چاککردنی فرۆکەکان بکەی، و بو ئەوەی کە دەیەوێت فێرکردنی تەکنیکی فراوان بە دەست بکەوێت بەو شێوەیە کە هەلی کار لە چەندین پیشە پەیدا بکات
- چوارچێوەی ئۆتۆمبیلەکان – بو تۆ کە دەتەوێت پاریزگاری و چاککردنی و بویاغ ئتۆمبیلەکان بکەی
- چارەسەری ماشینەکان و بارهەلگرەکان – بو تو کە دەتەوێت پاریزگاری و چاککردنی ماشینەکانی بارهەلگر وەک بارهەلگر و ئۆتۆبیس و ماشینی کشتوکالی بکەی،یان ئەوانەی دەیانەوێ کاربکەن لەگەڵ ماتورسکلەکان یان ئوتومبێلی بچووک و ماشینەکان
- چارەسەری ئوتومبێلەکان – بو تو کە دەتەوێت پاریزگاری و چاککردنی ئوتومبێلەکان بکەی
- هوکارەکانی گواستنەوە – بو تو کە دەتەوێت کار بکەی لە کەرتی گواستنەوە.

## پەیوەندی لەگەڵ ژیانی پراکتیکی

لە بواری بەرنامەی سوارگەکان دەتوانی پەیوەندی لەگەڵ ژیانی پراکتیکی لە کاتی خوێندن لە قۆناغی دواناوەندی بکەی. بەلایەنی کەمەوە 15 هەفتە لە مەشق پێکردن دەست ئەکەوێت لە شوێنی کارکردن (APU).قوتابخانە بە هاوکاری لەگەڵ کومپانیەکانی هەمە جور و شوێنەکانی کار هەلدەستێ بە ئامادەکرنی شوێنی راهێنانی کار بو تو لەو ناوچەیەی کە لێ نیشتەجێ بووی. و پەیوەندی بۆت پەیدا دەکات لەگەل کومپانیەکانی بچووک و کومپانیەکانی گەورە کەوا خاوەن بواری تایبەتی جیاواز. ئەوە ئامرازێکیی باشە یارمەتیت دەدات بتوانی پەیوەندی ببەستی کە ئەتوانی بەکاری بهێنی کاتی پێشکەش کردن بۆ کارمەندایتی لەپاشان. ئەگەر ئەتەوێت هەلسی بە مەشق کردن لەشوێنیکی کارکردن لە وولاتیکی تر جگە لە سوید دەکرێت ئەوە رێک بخرێت.

## ئایندە و هەلی کارکردن

چەندین هەلی باش هەیە بو بەدەست هێنانی کارێک لە بواری سوارگەکان، و هەروەها یەکسەر لە دوای قوتابخانەی ناوەندی. ئاسانی بەدەست هێنانی کارێک بۆ تۆ لەو کەسانە کە بەرنامەی سوارگەکان خوێندوە بو نموونە بەندە بەو تایبەتمەندیەی کە خوێندووتە. ژمارەی هەلی کارکردن هی بەردەست بەندە لە سەر ئەو پێشکەوتنانەی لە ئەودوای کومەلگا هەن. بو نموونە لە کەرتی گواستنەوە چەندین هەلی باش هەبو بۆ بەدەست هێنانی کارێک لەم سالانەی دوای دا. بەلام بۆ نموونە لە بواری پیشەسازی ئوتومبێلەکان ژمارەیەکی زۆر ئێستا بێ کار دەمێنن.